ئەنجومەنی نوێنەران کارنامەی دانیشتنی ڕۆژی شەممە بڵاوکردەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەران کارنامەی دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی بۆ ڕۆژی شەممەی داهاتوو ڕاگەیاند.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاویکردەوە کە، ”کارنامەی دانیشتنەکەی ڕۆژی شەممە بریتی بوو لە دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای پەسەندکردنی کۆماری عێراق لەسەر پرۆتۆکۆلی عەرەبی بۆ ڕێگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بەتایبەت ژنان و منداڵان، هاوپێچ و تەواوکەری ڕێککەوتننامەی عەرەبی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، و خوێندنەوەی یەکەم بۆ ڕەشنووسەی یاسای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (١٥)ی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشگێڕی هەڵوەشاوەی ساڵی ٢٠٠٣.

ئاماژەی بەوەشکرد، هەروەها لە خشتەکەدا خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی هەموارکردنەوەی یەکەمی یاسای پاسپۆرت ژمارە 32ی ساڵی 2015، هەروەها خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پێشنیازی یاسای هەموارکردنەوەی یەکەمی یاسای خوێندنی باڵای ئەهلی ژمارە 25ی ساڵی 2016 لەخۆگرتبوو ، لەگەڵ گفتوگۆکردن لەسەر خوێندنەوەی دووەمی ڕەشنووسی یاسای پاراستنی تووتن